# سەبارەت بەزیندانیکردنی قەڵەمە بوێرەکان

عومەر فارس عەزیز
کوردستان نێت

لە کوردستانی ئازادەوە لە دوستان و هاورێکانمانەوە، چەند ئیمایلێکمان بەدەست گەیشتووە.هەموویان باس لەوە دەکەن کە ئاسایشی هەولێر هێژایان نورەدین سەعید وەیسی و گۆران محەمەد و ڕێبوار کەریم وەلی یاندەستگیر کردووە. *(کلیکەی هەر ناوێک بکە بۆ بینینی یەکێک لەبابەتەکانیان)*

ئەویش بەهۆی ئەو وتارانەی لە کوردستان نێت و ڕۆژنامەی میدیا دا بڵاویان کردۆتەوە.

بەراستی جێگایی تیا رامانە ئاسایش لەو جۆرەکارانەدا تێهەڵقورتێ و ڕۆشنبیران راپێچی زیاندانەکانیان بکەن.وەک ئەوەی لێیان تێکچووبێت و کاری ئەسڵی خۆیان لەبیرچوبێتەوە کە بریتیە لە گرتنی تیرۆریست و پیاوکوژ و ئەو کەسانەی ئاسایشی وڵات تێک دەدەن.

کارمەندێکی ئاسایش چۆن ئەرکی سەرشانیەتی بە فەرمانەکانی خۆی هەڵبستێ، ڕۆژنامەوانێکیش هەمان شێوە ئەرکی سەرشانیەتی کارە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگا بخاتەڕوو.

وەک لە دواهەمین هەواڵدا دەردەکەوێت* بەرێزان کاک نورەدین وەیسی و گۆران محەمەد ئازاد کراون و تاکو نوسینی ئەم بابەتە بەرێز کاک ڕێبوار کەریم وەلی هەر زیندانیە و چارەنووسی نادیارە.

ئێمە وەک ڕۆشنبیران و ڕۆژنامە نووسان چاوەروانی خەلاتکردنی ئەو قەڵەمە بوێرانە بووین کە ئازایانە ئێش و ئازاری خەڵکی هەژاری گەلەکەمان دەخەنە پێش چاوی بەرپرسان، بۆ چارەسەرکردنی.نەک راپێچکردنیان بۆ زیندان!!! بەراستی شەرمەزاریە لەولاتێکی ئازاد وەک کوردستانی باشوور، کە بەرهەڵستکارە عەرەبە عێراقیەکان خوازیارن نمونەی ئەو دیموکراتیەی لەوێدا پیادە دەکرێ لە عێراقی پاشەڕۆژدا، سودی لێوەربگرن.بەلاَم ئەفسوس بەم شێوەیە لەگەڵ ڕۆشنبیراندا هەڵسوکەوت دەکرێت.

ئازادی دەربرێنی بیرورا سەرەکیترین مافەکانی مرۆڤە، وڵاتی ئێمەش بانگێشەی ئازادی و دیموکراتی دەکات.بۆیە ئێمەش لەسەر ئەو بناغەیە داوا و تکا لە بەرپرسانی ئاسایشی هەولێر دەکەین هەرچی زووتر بەرێز کاک ڕێبوار کەریم وەلی و هەموو ئەو زیندانیانەی لەسەر دەربرێنی بیرورا زیندانی کراون، ئازاد بکەن و چیدی (مەزاحیمی)ڕۆشنبیران نەبن.

- ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ٨٧

27-8-02 17:15:31



www.kurdistannet.org